**The Center of Halabja**
*Against Aufalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# ناوەندی چاک پێشوازی لە بڕیاری بە ژینۆسایدناسینی کوشتاری ئەرمەنیەکان دەکات

کۆمیتەی سەربە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلەمانی نوێنەرانی ئەمەریکا پێشنیاری بەژینۆسایدناسینی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانی لە رۆژی 10.10.2007 دا خستە دەنگدان کە بە 27 دەنگ دژ بە 21 دەنگ پشتگیری بەدەست هێنا.

ناسینی تاوانی لەناوبردنی نزیکەی 1.5 یەک ملیۆن و نیو کەسی بێتاوانی ئەرمەنی لە ساڵی 1915دا لە لایەن دەسەلاتی تورکە لاوەکانەوە کە لەژێر سەرپەرشتی تاوانباران جەمال، تەڵعەت و ئەنوەر بەڕێوەچوو، وەکو تاوانی ژینۆساید هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەژینۆسایدناسینی ئەو تاوانە لە هەردوو پارلەمانی ئەمەریکادا، لەهەمان کاتدا هەنگاوێکە بۆ ناساندنی تاوانەکە لە وڵاتانی دیکەدا لەسەر ئاستی جیهانیدا. ئەو ناسینە گوشارێکی کاریگەری بۆسەر تورکیا سەبارەت بە تاوانکاریەکانی ڕابردوو دەبێت.

دانناان بە تاوانی ژینۆسایدی ئەرمەنیەکان، داننانە بە یەکێ لەو تاوانکارییە زۆر گەورانەی کە دەسەڵاتدارانی تورک لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا و دوای ئەو تاکو سییەکانی سەدەی بیستەم ئەنجامیاندا. داننان و ناساندنی تاوانەکان ڕێگە بۆ تێگەیشتنێکی مرۆڤانە و دادپەروەرانە بۆ ڕابردوو دەکەنەوە، هەروەها وەکو فاکتەرێکی بنیاتنەر بۆ داهاتوویەکی ئاشتیانە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت.

هیواداریین ئەم هەنگاوە ئاسنکاری بۆ ناساندنی تاوانکاریەکانی دیکەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بکات، هەروەکو گریک و ئاسوریەکان لەسەر هەمان پرۆسە کار دەکەن و هەنگاویان بۆ بەژینۆسایدناسینی پاکتاوی گریک و ئاسوریەکان بەر لە کوشتاری ئەرمەنیەکان بە کردەوە ناوە. هیواداریین کۆمەڵکوژی بەرفراوانی کوردەکانی ناوچەی دەرسیم لە ساڵی 1937 دا، کە زیاتر لە 50 هەزار پیاو و ژن و منداڵیان بەگازی کیمیاوی، گوللەبارانی بەکۆمەڵ، زیندەبەچاڵکردن و سوتاندن ناڕەوا لەنێوبردران، لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری لەسەر بکرێت و هەوڵی بەژینۆسایدناسینی بۆ بخرێتە گەڕ کە بەداخەوە ئەو کارەساتە تا ئێستا بێخاوەنە و تاڕادەیەکی زۆر لەبیرکراوە.

**ناوەندی چاک**
12.10.2007
chak_org@yahoo.com
www.chak.be